# باخچە

سابیر صدیق

لە چی بدوێم!

بۆ کوێ بڕۆم تازە کە من

لە وولاتێکدا بزر بووم

هەتاوێکی قەموور یاساکانی دەبرژێنێ

پیاوەکانی زۆر بلێن

بۆنی عارەقی "فەل" و

تووتن لە هەناسەیان هەلدەستێ

ژنەکانی خۆلەمێشی هەمەڕەنگن

ڕیا لە بنباخەلیان دەچۆڕێ

باخچە گشتیەکانی مەکر بازن

لە فڕینی بالندەکانا

وورشە وورشی گومانێکی خەتەر دەبیستری

گومان..

لە گەل بایەکی حەشەریدا

ترافیک لایتەکان و

**سەعاتی دەستی کتێبخانەکان دەوەستێنن**

**بایەکی گەلحۆ لەگەڵ هەورێکی نەزۆکدا**

**لە پاڵ دیواری کڵێسەو مزگەوتەکانا**

**بە پەلە پەل هینی یەکتر دەلێسنەوە**

**خواکەی ئەشکەنجەی ڕۆحی من**

**بینیت ڕۆژم بە چ ڕۆژێ گەیی**

**کە ڕووداوەکان**

**سەرو قەدەرو دەسەڵاتی تۆ کەوتن**

**بینیت ڕۆژت بە چ ڕۆژێ گەیی**

**کە ئایدیا دەم ڕووتەکان**

**لە گەڵ شەپۆلە زۆڵەکاندا**

**بۆ خنکاندنمان ڕێکەوتن**

*          *          *

**ئێرە**

**زەمەنی شەوباشی نا مەفهوم و**

**هەیبەتی بێدەنگی پیاوی عەگیدە**

**کە خەم بێدەسەڵاتانە دوا**

**ئێرە**

**وورشەی گومان**

**کاریکاتێر**

**ئیعتراف و**

**خشەخشی ڕووخساری ووشک**

**دەنگ و نیگا**

**مانایەک بۆ سبەینێ**

**قوڕو چڵپاو**

**بای بێڕەزا**

**دروشمی مۆن**

**سێکسی پەلە**

**هەوری کەئیب**

**بەهەر دوو دەست پێکەکانیان دەخۆنەوە**

**هیچ لە مەیی ماچ نازانن**

**هیچ لە ژووان**

**هیچ لە ژانی خواحافیزی**

**هیچ لە سەڵای لێکدابڕان**

**بەفر وەک بەفر دەبینن**

**چیا وەک چیا**

**پەلکە زێڕینە نابینن**

**خوێن بەری چاوی گرتوون و**

هیچ لەمانای خوێن تێناگەن

کە خوێن لێرە

لە دەرگای حەوشە دەدا

لەبەر پەنجەرەدا هەلدەتووتێ

بە لاولاوەکاندا هەڵدەزنێ

لە باڵکۆنەوە هەڕەشە دەکا خوێن

تێکەڵ ژووری نووستن بووە

لە دەست خوێن و لە پێناوی سەفەرێکا

خەرامانم لە خۆم ڕەنجان

کاریکاتێری ڕادیۆکان و

گۆرانی داواکراوی ڕۆژنامەکان نەیانهێشت

نەیانهێشت و

وولاتەکەمیان وەک حەبێکی ئارتین قووت دا

نەیانهێشت و

هەرێمەکەمیان وەک شووشەیەک تۆسیرام  هەڵلووشی

ئەم ڕادیۆنە مودمینانە

ئەو ڕۆژنامە شەڕانیانە

ئەم ڕۆژنامە مودمینانە

ئەو ڕادیۆنە شەڕانیانە

*                    *                    *

با لە سەرەوە دەستپێبکەین

لە وێوە

کە خەرامان

بەبەر چاخانەکەی ڕەحیما  تێدەپەڕی

چاکان تامی ڕێواسیان دەدا

چایخانەکە پڕ دەبوو لە بۆنی لیمۆ

مانایەک هەبوو بۆ سبەی

*

ئەمە..

مەسئولیەتی شیعرە

نەک تیجارەت

با لەسەرەوە دەست پێبکەین

لە وێوە

کە دایکم

سەنتووری عەشقی بارستە گڵێکی دەژەند

من و

کچە ئەسمەرەکەی دراوسێمان

به دەم سەمای شكۆفەوە

خەونە ڕەش و سپیەكانمان هاوێر دەكرد

دەممان دەنایە بن گوێ ی یەك

بی غەلوغەش بۆ یەك دەدواین

بێ حەد

دنیا لە چرپەی ئێمە پڕ بوو بوو

ئێواران

مانگ حەوشەكەی گسك دەداین

بەیانیان

خۆر هەڵیدەسانین

مانایەك هەبوو بۆ سبەی

* * *

لە دەست خوێن و

لە پێناوی سەفەرێكا

بۆ كوێ بڕۆم تازە كەمن

لە عەشقێكدا غەرق بووم

لە ماتماتیك قورسترە

لە وولاتێكا بزر بووم

هەتاوێكی قەمور

**یاساکانی دەبرژێنیٚ**

**نێرەکانی زۆر بڵێن**

**مێیەکانی خۆڵەمێشی هەمە ڕەنگن**

**لە فڕینی باڵندەکانا ئاخ خواکەی ئەشکەنجەی ڕۆحی من**

**بە رلە پاشتێلانەی خەرامان و**

**پاککردنەوەی مەی خانەکان**

**بەر لە مەسخەرەترین**

**تراژیدیای دابەشکردنی "ناوکۆی" خوێن**

**بە کۆمە کۆم**

**بە مەحزونی**

**عەرەبانەکەت ڕاکێشە تازە کە من**

**لە عەشقێکدا بزر بووم**

**لە ماتماتیک قورسترە**

**لە ووڵاتێکدا بزر بووم**

**مانایەک نییە بۆ سبەی**

**نییە**

**مانایەک**

**بۆ سبەی**

سلێمانی 1995